cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ` Æ˝ ” 2

سۆما نەجمەدین: خوازیارم یەکەمی عێراق بەدەست بهێنم و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بکەم

دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

لەهەرێمی کوردستاندا سەردەمی ئەوە نەماوە کە تەنها چینی کوڕان لەچالاکییە وەرزشییەکاندا بوونیان هەبێت ، ئەوەتا لەم چەند ساڵەی رابردوودا تاوەکو ئێستا لەچالاکییە وەرزشییەکانی کوردستان بەگشت یارییەکانەوە بینیمان چۆن چین وتوێژی ئافرەتان رۆڵێکی کارایان هەبووە لەبوژاندنەوەی بواری وەرزش لەکوردستاندا ، بێگومان چینی کچانی وەرزشوانان لەم ماوەیە کورتەدا خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرز و بەرچاون کەهەمیشە کورد و کوردستان شانازی بەئەنجامەکانیان دەکات, جابۆ ئەم مەبەستە بەباشمانزانی دیمانەیەک لەگەڵ کچە وەرزشوانی گۆرپان ومەیدانی سانەی سەورەی کەرکوک خاتوو سۆما نەجمەدین تۆفیق ئەو لەبارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش ئەو بەوشێوەیە گوتی: بێگومان سەرەتای دەستپێکی وەرزشیم لەکۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی کەرکوک بوو، پاشانیش بۆ دریژەدان بەبواری وەرزشکردن ڕوومکردە یانەی سەورەی کەرکوک، خۆشبەختانە ئێستا لەم یانەیە یاری گۆزەپان ومەیدان ئەنجام دەدەم.

هەر لەبارەی ئاستی وەرزشی کچان لەکوردستان خاتووسۆما زیاتر گوتی: نکۆڵی لەوە ناکرێ بەم دواییە وەرزشی ئافرەتان تارادیەکی زۆر باش پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام بۆ هاتنی ئافرەتان بۆ نێو بواری وەرزش بەم شێوەیە فراوانە ڕێگەیان پێ نەدراوە تابوانن ئاڕەزووەکانیان بەدی بهێنن.

گوتیشی: لەوەتەی قەیرانی دارایی ڕووی لەکوردستان کردووە وەرزش بەهەموو شێوەیەک فەرامۆش کراوە ، ئەگەر بەڕەسمە وەرزشییەکانی خۆمان خەمێک لە وەرزش بخۆن و ئاوڕێک لەوەرزشی ئافرەتان بدەنەوە ، بێگومان وەرزش زیاتر بووژانەوەی بەخۆوە دەبینێت، بەڵام لەکەرکوک وەک پێویست نییە کەشایەنی باسکردن بێت.

ئەو یاریزانە لەدرێژەی قسەکانیدا لەبارەی ئەو چالاکییەی کەئەنجامی دەدات گوتی: لەراکردنی ماوە درێژی 5000 مەتر لەپاڵەوانیەتیەکان بەشداری تێدا دەکەم و هەموو جارێکیش لەهەر پاڵەوانیەتیەک پلەکانی یەکەم ودووەم و سێیەم بەدەست دەهێنم.

سۆما لەڕێگەی ڕۆژنامەکەمان سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە لە گەڵیدا ماندوو بوونە بۆ هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش ئەو بەوشێوە دەڵێت: سوپاسی دڵشاد محەمەد ومامۆستا زوهیر عەلی مورات دەکەم کەئەوان هاوکار وپاڵپشتم بوونە لەدەستپێکی وەرزشیم.

هەر لەبارەی هیواو ئاواتەکانی خاتوو سۆما بۆ پرسەیش گوتی: خوازیارم لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و لەهەمان کاتدا بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی وڵات بکەم بەناوی هەڵبژاردەی عێراق.

سادیۆ مانی چووە مێژوویی پریمەرلیگ

یاریزانی سەنیگالی سادیۆ مانی هێرشبەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی توانی گۆڵێک لەگەڕی رابردووی پریمەرلیگ تۆمار بکات لەتۆڕی یانەی بۆرنیموس لەو یارییەی لەسەر یاریگای ئانفیڵد بەڕێوەچوو. بەم گۆڵەش سادیۆ مانی توانی پێشەنگی گۆڵکارانی سەنیگالی لخولی ئینگلیزی بگرێت، بەوەی کەیاریزانی سەنیگای خاوەن زۆرترین گۆڵە لەخولی پریمەرلیگ. دوای ئەوەی مانی گەیشتە گۆڵی ژمارە 44 لەخولی ئینگلیزی کە سەردتا لەگەڵ یانەی ساوسهامپتۆن دەستی پێکردووە. بەمەش سادیۆ پێش یاریزانی سەنیگالی دیبابا هێرشبەری پێشووی چێلسی و نیوکاسڵ کەوتەوە، کە خاوەنی 43 گۆڵە لەپریمەرلیگ.

فیفا

چەند پێشنیارێک بۆ فراوانکردنی مۆندیالی یانەکان دەخاتە ڕوو

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) بۆ مۆندیالی یانەکانی ساڵی 2021 چەدین پێشنیاری خستۆتە ڕوو، بەمەبەستی فراوانکردنی.. کە بریتیە لەبەشداریکردنی هەموو یانەکانی براوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاو پلە دوو و لەگەڵ براوەی خولی یۆرۆ لیگ لە 4 ساڵی رابردوو. هەروەها پێشنیارەکەی (فیفا) باسی ئەوەش دەکات هەر 4ساڵ جارێک ئەم خولە بەڕێوەبچێت، لەجیاتی ئەوەی هەموو ساڵێک وەکو ئێستا، ئەم خولە ئەگەر فراوان بکرێت پێویستی بە 650 ملیۆن دۆلار دەبێت، لەگەڵ یەک ملیار دۆلار بۆ سەرکەوتنی بە بازاڕکردنی. شان بەشانی تیپەکانی ئەوروپا 4یان 5تیپی ئەمریکای باشوور و لەگەڵ دوو تیپی ئاسیاو کۆنکاکاف و ئەفریقا. بەڵام تاکو ئێستا بڕیار لەسەر بەشداریکردنی هەرێمی ئۆقیانۆس نەدراوە، کە بەیەک تیپ نوێنەرایەتی دەکرێت. تیپەکان دابەش بکرێنە سەر 8گرووپ و هەر گرووپێک 3تیپ لەخۆ بگرێت، پاشان پێشەنگی گرووپەکان بگەنە قۆناغی یەکلاکەرەوە. بۆ گەیشتن بە مۆندیالی یانەکان تیپەکانی براوەی خولی یان پاڵەوانەکانی ئەوروپا و پلەی دووەم لە 4 ساڵی رابردوو و لەگەڵ تیپەکانی براوەی یۆرۆ لیگ. کە پاڵەوانێتی دووەمە لەسەر ئاستی کیشوەری. سەبارەت بە ئەمریکای باشوور دواین 4یانەی براوەی جامی لیبراتادۆریس بەشداری بکەن، کە لەگەڵ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەراورد دەکرێت. ئەگەر تیپێک زیاتر دووبارە بۆوە، ئەوە تیپێکی دیکە دەکرێتە جێگرەوەی کە پشت بە سیستەمی ئامار دەبەستێت. بەڵام ئەم نەخشەیە گرمانی بەشداری تیپێک دەکات کە بەهۆی ئەنجامی پێش 3ساڵی بەشداری دەکات و لە ئێستادا لاوازە. هەروەها گرمانی ئەوەش دەکرێت تیپێک پێش 3 ساڵ خاوەن نازناو بووبێت و ئێستاش لە پلەی دووەم یاری بکات. کە ئەمانە زۆر لە ئەمریکای باشوور دووبارە دەبنەوە، کە زۆر بەخێرایی تیپەکانیان دەروخێن. ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز و ڤاینینشال تایمز) لەهەفتەی ڕابردوو بڵاویانکردەوە کە کۆمەڵە کۆمپانیایەک پێشنیاری ئەوەیان کردووە 25ملیار دۆلار بدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم خولە، لەگەڵ پێشنیاری چەندین خولی دیکە.

پارێزخۆ: تۆپ لەگەڵ ئێمە داد پەروەر نەبوو بەرامبەر بەرشلۆنە

دانی پارێزخۆ سەرکردەی یانەی ڤالێنسیاو یاریزانی هێڵی ناوەڕاست، دووپاتیکردەوە کە تۆپ لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە کە بە 2-1 گۆڵ شکستیان هێنا دادپەروەر نەبوو، کەلەمیانی گەڕی 32ی لالیگا بوو. ناوبراو دەڵێت: چەندین هەڵمان بۆ ڕەخسا، بۆ ئەوەی شکستەکەمان تێپەڕێنین، بە ئاستێکی بەرز یاریمان کردو لەهەندێک کاتدا کۆنترۆڵی یاریگمان کرد، نزیکەی 5 تا 6 هەلی تۆمارکردنی گۆڵمان هەبوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، ئەگەر گۆڵیش تۆمار نەکەیت ئەوا لەکۆتایی شکست دەهێنیت. لەکۆتاییدا پارێزخۆ گوتی: پیکێ گۆڵێکی سەد لەسەدی ڕزگارکرد، دوای 2 خولەک هەڵێکی دیکەمان بۆ ڕەخسا، ئەمە کارێکی بە ئازار بوو، تیپەکەمان باش بوو و ویستمان زیاتر پێشکەش بکەین، عەقلیەتی بردنەوەمان هەبوو.. بەڵام سەرکەوتوو نەبووین.

بامفۆرد تووشی پێکانێکی مەترسی دار بۆوە

پاتریک بامفۆرد هێرشبەری یانەی میدلزبرەی ئینگلیزی تووشی پێکانێکی مەترسیدار بۆوە، لەیاری تیپەکەیان بەرامبەر یانەی بریستۆل ستی لەچوارچێوەی گەڕی 43ی خولی پلەیەکی ینگلیزی (چامپیۆنشیپ) ، دوای ئەوەی لەتۆپی ئاسمانی لەگەڵ بەرگریکاری یانەی میوان ئادین ڤلینت بەبەهێزی سەریان بەریەک کەوت و زۆر بەبەهێزی کەوتە سەر زەوی یاریگا و هۆشی لەدەستدا، لەو یارییەدا یانەی میدلزبرە بەدوای سەرکەوتن دەگەڕاو دەیەوێت بێتە 6پلەی پێشەوەو رکابەری لەسەر گەیشتن بە خولی نایابی ئینگلیزی بکات، هەروەها بریستۆل دەیەویست چانسی گەیشتنی بە پاشکۆی پریمەرلیگ بهێڵێتەوە، بەڵام یاریەکە بەسەرکەوتنی بریستۆل بە 2-1کۆتایی هات. لەو یارییە بەر لەکۆتایی هاتنی گێمی یەکەم 10 خولەک بامفۆرد سەری کێشا بە سەری ڤیلنت، بەمەش هێرشبەری تەمەن 24ساڵ کەوتە سەر یاریگا، ترسێکی زۆری خستە نێو یاریگاو هاندەران، کە داوای خێرایی هاتنە ناو یاریگای دەستەی پزیشکیان کرد، ڕۆژنامەی (دایلی میل)ی ئینگلیزی دووپاتیکردەوە کە یاریزانی ناوبراو ملپێچێکی دەستکردیان خستە ملی و لەگەڵ هەناسەدانی دەستکرد، بەهۆی زەحمەتی ڕەوشی تەندروستی، کە زۆر بە ئاستەم هەناسەی دەکێشا ، پاشان بەخێرایی گەیەندرایە نەخۆشخانە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پێویست.